# کچی دورگە بچکۆلەکە

## ڕۆمان بۆ مێرمندالان

ئەمین محەمەد



چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٢٢

# کچی دورگە بچکۆلەکە

ئەمین محەمەد

سلێمانی........٢٠٢٢

چاپی یەکەم

ناوی نووسەر:  ئەمین محەمەد
ناوی کتێب: کچی دورگە  بچکۆلەکە
بابەت  :  ڕۆمان بۆ مێرمندالآن
تایپ  :   نووسەر
دیزاین و وێنەی بەرگ: ئاڤار ئومێد
چاپخانە:  بینایی
تیراژ: (   ٥٠٠  )دانە
نرخ:   ٢٥٠٠   دینار
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە  ( ٢٠٥٦  )
ی ساڵی (٢٠٢٢) ی پێدراوە
مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

## بەشی یەکەم

ڕۆژێک لولو بۆ گەشت و سەیران، چو بۆکەنار دەریاکە. ئەو زۆر حەزی لە سەیرکردنی دیمەنی شەپۆلە بەرزەکانی سەر دەریابوو. هەمیشە گوێی بۆچریکەی نەورەسەکان ڕادەگرت و سەرنجی باڵندەکانی دەدا. چۆن لەئاسمانەوە بەخێرایی دێنە خوارەوە و لەئاوەکەدا ماسی ڕاودەکەن. بە وردی تەماشای ئەو بێچوە کیسەڵە بچوکانەی دەکرد، کە بەڕیز بەناو لمەکەدا بۆ یەکەمجار بەرەو ناو دەریاکە دەڕۆیشتن. ئەویش هێواش هێواش بەدوایاندا دەڕۆیشت، تا یەک،یەک خۆیان دەخستە ناو دەریاکە.



لولو سەری لەوە سوڕدەما، ئەوکیسەڵە بچوکانە چۆن ناترسن و دەوێرن برۆنە قوڵایی ئاوەکە لولو خەریک بو ترسی دەشکا و زیاترلە ئاوەکە نزیک دەبووەوە ،سەیری ماسییە ڕەنگاو ڕەنگەکانی کەنار ئاوەکەی دەکرد، نەورەسەکان بەردەوام بەسەرسەری لولودا دەهاتن ودەچون. نزم نزم دەبونەوە و ماسییەوردەکانیان ڕاودەکرد،لەوکاتەدا مراوییەکی باڵنەخشین بەهێواشی لەسەرشەپۆلەکان مەلەی دەکرد.لولو حەزی دەکرد ئەویش وەک ئەومراوییە بەئارەزوی خۆی لەسەرشەپۆلەکان بێت و بچێ ومەلە بکات. وتی :مراوییە باڵنەخشینەکە من دەمەوێ بێم بۆلات لەگەڵ تۆ مەلەبکەم. مراوییە کە لەکەنارەکەنزیک بووەوە دەستی لولوی گرت و بەیەکەوە بەرەوناودەریاکە ڕۆیشتن.سەرەتا لولو هەستی بەترس دەکرد توندخۆی بە مراوییەکەوەنوساندبو،بەڵام وردە،وردە ، ترسی نەما بۆخۆی پێدەکەنی و دەستی

بەسەر شەپۆلەکاندا دەهێنا ، وای هەست
دەکرد سەمادەکات ، گۆرانی دەچڕی و پرچی
با دەیشەکاندەوە. هەنگاو هەنگاو لەکەنار
ئاوەکە دوور دەکەوتەوە. گوێی لەدەنگی
نەوڕەس وباڵندە ئاوییەکان ڕادێرابوو
ماسییە گەورەکان بەتەنشتیدا دەڕۆیشتن،
لولو دەستی بەرزدەکردەوە، سڵاوی لێدەکردن
پێی دەوتن: منیش هاتوم بۆلای ئێوە
،حەزدەکەم ببم بە هاوڕێتان. لولو
هەر سەیری جوڵەی دەم و لەرەی کلکی
ماسییەکانی دەکرد، ماسییەکی گەورەی
ئاڵتونیی لێی نزیک بووەوو ووتی: دەی وەرە
سەرپشتم بابڕۆین بۆقوڵایی دەریاکە، ئەوێ
زۆرخۆشە! لولو مراوییەکەی بەجێهێشت
و چووە سەرپشتی ماسییە ئاڵتونییەکە



پشتی ماسییەکە ئەوەندە ساف و لوس بوو ،لولو قاقا پێدەکەنی و وەکو خلیسکانێ لەسەرپشتی دەهات و دەچوو. کیسەڵە بچوکەکان هەرکە لولویان دەبینی دەترسان وخێرا دوور دەکەوتنەوە. لولو پێی دەوتن: هێی کیسەڵەکان مەترسن من هاتوم بۆلای ئێوە، خۆ ئازارتان نادەم.ماسییە ئاڵتونییەکە لولوی برد بۆماڵی خۆیان ماڵیان لەئەشکەوتێکی گەورەی ژێر دەریاکەدا بوو، سێ بێچوی وردیلەی جوانی هەبو.یەکێکیان ئاڵتونیی ویەکێکیان زیوی و ئەویتریان نیوەی ئاڵتونیی نیوەی زیوی بو



ماڵەکەیان ڕوناک ڕوناک گەوهەرێکی داگیرساوی پرشنگداریان لەبنمیچی ژوورەکەیان دانابو.ئەوەندە ڕوناک بو، لولو نەیدەتوانی بەتەواوی تەماشای بکات چاوی ڕێشکەوپێشکەی دەکرد.تیشکی بەناو دەریاکەدا بڵاو بو بووەوە،دەوری ماڵەکەیان بەڕووکی ئاویی بریقەدار داپۆشرابوو،دراوسێی ماڵی داپیرە کیسەڵ بون،داپیرەکیسەڵ زۆر سەرقاڵبو، هەردەهات ودەچو دانە، دانە گوڵی دەریایی کۆدەکردەوە و دەیکردن بە چەپک دەیویست تاجە گوڵینەیەک بۆخۆی دروست بکات بۆرۆژی جەژنی لەدایک بونی بیکاتە سەری، لولو وتی: ئەوە تۆ ئەو گوڵانەت بۆچییە؟



داپیرە کیسەڵ وتی: ببورە کاتم نییە. جەژنی لەدایک بونم نزیکە پێویستە کارەکانم تەواوبکەم، لولو وتی: ئەی مۆم داناگیرسێنی؟ داپیرە کیسەڵ وتی: بەڵێ ئەی چۆن من ئەستێرەی دەریاییم ئامادە کردوە دووسەد و هەشت دانە ئەستێرە دادەگیرسێنم یەک کێکی گەورە دروست دەکەم. لولو زۆرسەری سوڕما وتی :بۆچی بەڕاست تۆ دەبیت بەچەند ساڵ؟داپیرە کیسەڵ وتی: دەبم بەدووسەد و هەشت ساڵ، ئەی تۆ تەمەنت چەند ساڵە؟ لولو وتی: تەنها هەشت ساڵ بەپێکەنینەوە وتی: تەنها هەشت مۆم دادەگیرسێنم ، لەگەڵ کلاوێک و کێکێکی بچکۆلە. ئیتر هاوڕێکانم دێن بۆلام ودیاریم بۆ دێنن، ئەی تۆ کێ دیارییت بۆدێنێ؟ داپیرە کیسەڵ وتی :هەموو هاوڕێکانم دیاریم بۆدێنن. نەهەنگ ودۆلفین و تیمساح وماسی و کیسەڵەکانی هاوڕێم ، دێن بۆ ئاهەنگەکەو یەک یەک دیاریم پێشکەش دەکەن

لولو وتی: منیش دێم بۆ ئاهەنگەکە .
بەڵام نازانم چیت بۆ بهێنم
داپیرە کیسەڵ وتی :من بەهاتنی خۆت دڵخۆش دەبم بەڵام دەتوانیت چەپکێ گوڵی دەریایی بریقەدارم بۆ بهێنیت، چونکە لە ئاهەنگەکەداماڵەکەم بە گوڵ دەڕازێنمەوە
ماسییە ئاڵتونیی و بێچووەکانی لەماڵی خۆیان سەرقاڵی سەماو ئاهەنگ گێڕان بون. چونکە ماسییەکان بەکەمی پشودەدەن ودەخەون ، هەمیشە دەم وکلکیان دەجوڵێ و لەناوئاودا دێن ودەچن. ئەوان دەزانن بەخەوتنی زۆر جەستەیان بێهێز و لاواز دەبێت و توانای مەلەکردنی بەردەوامیان نامێنێ

لولو ویستی بەدیارییەکی ناوازە، داپیرە کیسەڵ توشی سەرسوڕمان بکات، بەخێرایی خۆی گەیاندە دورگە بچکۆلەکە ،لەگوڵی سووری هەنار و گوڵی سپی هێرۆ و گوڵی ئاڵی مێخەک ملوانکەیەکی ڕەنگینی بۆداپیرە کیسەڵ دروست کرد دورگە بچکۆلەکە بەگوڵی هەمەجۆری سروشتیی و میوەی بەچێژ بەناوبانگ بو. لولو کێکێکی گەورەی بە ئاردی گوڵەگەنمی زێڕین و شیری کەروشێک و هێلکەی مراوی دروست کرد. سێ دەنکە گێلاسی سووری لەسەرداناو ، بەگوڵە حاجیلە ، لەکێکەکەی نووسی (جەژنی لەدایک بونت پیرۆز) لولو بەدەستێکی ملوانکەی گوڵڕەنگ و بەدەستەکەی تری کێکەکەی گرتبو



بەسەر شەپۆلەکاندا، بەخێرایی دەڕۆیشت
لەبەرزایی ئاسمانەوە هەڵۆیەک چاودێریی،
لولوی دەکردو بەدەوریدا دەسوڕایەوە

## بەشی دووەم

هەڵۆکە بەخێرایی هاتە خوارەوە. لولوی هەڵگرت و بەرەو ئاسمان بردی. لولو زۆر هەستی بەترس دەکرد. بە هەڵۆکەی وت: تکایە وازم لێبێنە تۆ دەتەوێ من ببەیت بۆکوێ؟

تکات لێدەکەم دامبگرەوە بۆ بۆناو دەریاکە، من دەمەوێ بڕۆم بۆئاهەنگ .دیاری بۆداپیرە کیسەڵ دەبەم ،ئەو جەژنی لەدایک بونیەتی من کێک و ملوانکەی گوڵڕەنگم پێیە پەیمانم بە داپیرە کیسەڵ داوە، دەبێت لەوێ ئامادەبم ئێستا ماسییە ئاڵتونیی و بێچووەکانی چاوەڕێی منن. بەڵام هەڵۆ بەهێزەکە شاباڵەکانی دەجوڵاند و زیاتر بەرەو بەرزایی دەڕۆیشت



لولو ملوانکە گوڵڕەنگەکەی کردبوە ملی و بەهەردوو دەست توند کێکەکەی گرتبوو. سەرباری ترس و دڵەڕاوکێ، هەستێکی خۆشبوو، لەناو دەریاوە بۆسەر زەوی دورگە بچکۆلەکەو لەوێشەوە بەرەو بۆشایی گەردون ، کاتێ هەڵۆ بەهێزەکە باڵەکانی دەجوڵاند ، لولو وای هەست دەکرد لەناو جۆلانێدایە. بەشێوازێکی زۆرجوان و دڵگیر وەک ئەوەی سەما بکات وا بوو، ئەوەندە بەرز بوبونەوە زەوی وەک تۆپێکی پرتەقاڵی لەدوورەوە دیار بوو. بریق و باقێکی دڵگیر لەسەر ڕوی دەریاکە دەبینرا. لولو لە خەیاڵێکی قووڵدابو، وای هەست دەکرد هەربەڕاستی بەباڵەکانی خۆی بەناو ئاسماندا دەفڕێ. هەڵۆ بەهێزەکە بەرەو لوتکەی چیایەکی بەرز دەڕۆیشت کە لە دوورەوە بەئاستەم دەبینرا. وردە وردە لەچیاکە نزیک دەبونەوە، لوتکەی چیاکە بە پەڵەبەفری زیوی داپۆشرابوو. لەبەر تیشکی خۆردا دەبریسکایەوە



هەڵۆکە گەیشتە نزیک هێلانەکەی کە لەناوەندی لوتکەی چیاکەدا بوو، دوو بێچوی نەرم و نۆڵی دەنوک ڕەشی تێدابوو. هەرلە دوورەوە کە چاویان بەدایکیان کەوت، دەستیان کرد بەجیک جیک و قاچ و باڵ جوڵاندن. وەک ئەوەی بڵێن دایکە بەخێربێیتەوە ئێمە برسیمانە چاوەڕێی تۆ بوین. هەڵۆ بەهێزەکە بەسەر لوتکەی چیاکەدا سوڕایەوە و ڕێک ڕۆیشت بۆناو هێلانەکەی، باڵەکانی بەتەواوی کردبووەوە هەردووقاچی شۆڕکردەوە و لەسەر هێلانەکەی نیشتەوە، کاتێ بێچوەکان چاویان بەلولو کەوت زۆرترسان. لەناو هێلانەکەدا، باوەشیان بەیەکداکردو جوڵەیان لەخۆیان بڕی

دایکە هەڵۆ تا ئەوساتە هەر وایدەزانی.
ماسییەکی ئاسایی ڕاو کردوە و هێناویەتییەوە بۆ بێچوەکانی، بەڵام کاتێ سەیریکردو لێی ورد بووەوە ، بەسەر سوڕمانەوە لێی پرسی: ئەوە تۆ ماسییت یان پەری دەریا؟لولو وتی: من کچێکی ئەفسوناویم ،دەتوانم لە وشکانی و لەناو ئاویشدا بژیم .هەڵۆکە وتی:نا من دڵنیام تۆ پەری دەریایت ئەوەتا تۆ ڕێک لەپەری دەریا دەچیت، تەماشا پرچە درێژ و چاوەگە شەکانت ! تەواو لەپەری دەریا دەچن. لولو بۆ یەکەمجار بوو ناوی پەری دەریای دەبیست ، زۆربەلایەوە سەیربوو . ئەو هەرگیز پەری دەریای نەبینیبوو ،بێچوەکان بەشەرمەوە سەیری لولو یان دەکرد و لێی ورد دەبوونەوە.
لەدایکیان پرسی: پەری دەریا چییە وچۆنە؟
دایکە هەڵۆ وتی:پەری دەریا کچێکی جوان و پرچ درێژی چاو درەوشاوەی دەست وپەنجە ناسکی وەک ئەم کچەیە

بەڵام ئا ،من ئێستا بیرم کەوتەوە پەری دەریا قاچی نییە.وەکو ماسی کلکێکی پانی هەیە، لەناو ئاودا، سەوڵی پێلێدەدات وهاوسەنگیی خۆی پێڕادەگرێت، ئادەی بزانم تۆ قاچەکانت بەیەکەوە نوساون؟ تەماشای قاچەکانی لولوی کرد،بینی بەیەکەوە نەنوسابوون وتی:ئێستا دڵنیابووم تۆ پەری دەریا نیت.بەڵام زۆر لەودەچیت، بێچووەکان ترسیان نەمابوو بەزەردەخەنەوە، تەماشای لولو یان دەکرد وەک ئەوەی پێی بڵێن ئێمە تۆمان خۆشدەوێ و حەزدەکەین ببیت بەهاوڕێمان. لولو دوو پارچەی بچوکی لەکێکە گەورەکە کردەوە و دای بەبێچوە نەرمۆڵە دەنوک ڕەشەکان. یەکسەر دەستیان کرد بەخواردنی ئەوەندە بەتام و چێژبوو، خێرا خواردیان و داوای کێکی زیاتریان کرد.دایکە هەڵۆ تا ئەوساتە نەیزانیبوو بێچووەکانی ئەوەندە حەزیان لەکێکە، دەنا زوو زوو کێکی بۆدەهێنان، لولو یەکی پارچە کێکێکی تری پێدان

تێریان خواردو سوپاسی لولو یان، کرد،بۆ ئەوکێکە بەتام وخۆشە! لولو یەک پارچەی گەورە کێکی دابە دایکە هەڵۆ ،ئەویش کێکەکەی خواردو وتی :سوپاس بۆ کێکە خۆشەکەت



دایکە هەڵۆ وتی: کچە ئەفسوناوییەکە تۆ ناوت چییە؟
وتی:من ناوم لولوە بەڵام هاوڕێکانم بە(کچی دورگە بچکۆلەکە ) بانگم دەکەن چونکە من ئەو دورگەیەم زۆرخۆشدەوێ و حەزم لەدیمەنە جوانەکەی و خواردنە خۆشەکانیەتی.ئەوێ زێدی لەدایک بونی منە
لولو وتی :ئەی ئێوە ناوتان چییە؟
دایکە هەڵۆ وتی :بێچوەکانم ،ئەمەیان ناوی خەپانە ئەوەشیان ناوی نەرمۆڵەیە، خۆم ناوم تەوارە، واتا دایکە هەڵۆ.
نەرمۆڵە و خەپان وتیان :ئێمە حەزدەکەین تۆببیت بە هاوڕێمان، کاتێ گەورەبوین تۆ دەخەینە سەرباڵەکانمان و بەسەرلوتکەی چیاو دەشت ودۆڵەکاندا گەشت دەکەین و بۆخۆمان گۆرانی دەڵێین.
نەرمۆڵە وتی: دایکم دەڵێ ئێمە هەمیشە لەسەر لوتکە بەرزەکان. هێلانە دروست دەکەین
لولو وتی :واتا لوتکە بەرزو بڵندەکان زێدی لەدایک بونی هەڵۆکانن؟

دایکە هەڵۆ وتی: بەڵێ وایە
ئێمە هەمیشە حەزمان لەشوێنە
بڵندو لوتکە سەرکەشەکانە
خەپان وتی: من ئێستا حەز دەکەم لەم
لوتکە بەرزەوە بفڕم بۆ کەنار دەریاکە
.دایکم دەڵێ:کەنار دەریاکە زۆر دڵگیرەو
خواردنی بەچێژی لێیە.دایکە هەڵۆ
بەپێکەنینەوە وتی:خەپان ونەرمۆڵە جارێ
ساوان ،توانای فڕین و ڕاوکردنیان نییە
باگەورەببن، ئەوسا لەگەڵ من دەفڕن
بۆ کەناری دەریا فراوانەکە. لولو بە
دایکە هەڵۆی وت : تکایە هاوکاریم بکە
،بمبەرەوە بۆناو دەریاکە. داپیرە کیسەڵ
جەژنی لەدایک بونیەتی من بەڵێنم پێداوە،
دەبێ ئامادەبم . ئەم ملوانکە گوڵڕەنگەم
بۆدروست کردوە. نەرمۆڵەو خەپان وتیان
:دایە دەبا ئێمەش بچین بۆ ئەو ئاهەنگە،
دیارە زۆر خۆشە، بۆخۆمان لەوێ خواردنی
بەچێژ دەخۆین. لولو پێی وتن:ئاخر ماڵی
داپیرە کیسەڵ لە ناو دەریاکەدایە

لە ئەشکەوتەکەی لای ماڵی ماسییە ئاڵتونیی ، خۆ ئێوە ناتوانن بچنە ژێردەریاکە، هەڵۆکان تەنها دەتوانن بەسەر دەریاکەدا بسوڕێنەوە و خواردن پەیدابکەن ئەم کێکە دەدەم بەئێوە ،بۆجەژنی لەدایک بونی داپیرە کیسەڵم دروست کردبوو، بەڵام ملوانکەکە دەبەم بۆداپیرەکیسەڵ ، سێ دەنکە گێلاسە سورەکەی دابە دایکەهەڵۆ و خەپان و نەرمۆڵە، کێکەکەی بۆدانان. دایکە هەڵۆ وتی ئێستا ،هەڵت دەگرم و دەتبەمەوە بۆناو دەریاکە.لولو خەپان ونەرمۆڵەی لەباوەشگرت و پێی وتن:من زۆرسوپاسی میهرەبانی و میوانداری ئێوە دەکەم، بەڵێن بێت ،هەرگیز لەیادتان ناکەم.من چاوەڕێتان دەکەم کاتێ گەورەبوون ،وەرن بۆ سەر دەریاکە، دەچین بۆدورگە بچکۆلەکە و پاشان کێک وخواردنی خۆشتان بۆئامادە دەکەم

دورگەکەی ئێمە زۆرخۆشە، ئاسمانێکی شین و خۆرێکی گەش و مانگێکی زیوی و پۆلێ ئەستێرەی جریوەدار و هەورێکی سپی تایبەت بەخۆی هەیە. دایکەهەڵۆ یەکسەر لولوی هەڵگرت ،بەرزبەرز بووەوە بەسەرلوتکە بەفرینەکەدا سوڕایەوە و ڕاست بەرەو دەریاکە بەڕێکەوت لولو سەرنجی دەشت و دۆڵە ڕازاوەکانی دەداو بەوردی تەماشای جوڵەی بێچوە ئاسک و سمۆرە دارەوانەکانی دەکرد. کاتێ هەڵۆکە بەنزمی بەسەر دارستانەکەدا دەفڕی، لەدوور دوورەوە دەریاکە دەرکەوت . لولو زۆردڵی خۆشبوو، هەرچاوی بۆ دورگە بچکۆلەکەی خۆیان دەگێڕا تاپیشانی دایکەهەڵۆی بدات . لولو سەیری دەشتە بەرین و فراوانەکەو گوڵە ڕەنگاو ڕەنگەکانی دەکرد لەپڕ چاوی لێبو گورگێک دەیویست بەرخۆلەیەکی سپی وردیلە بگرێت بەدایکە هەڵۆی وت:وەی ئەو بەرخۆلەیە چەند گوناحەئەوگورگە دەیەوێت بیگرێت، تکایە دامبگرە بابڕۆم هاوکاری بکەم



دایکە هەڵۆ باڵەگەورەکانی زیاتر کردەوە. و قاچەدرێژەکانی شۆڕکردەوە بەرەو گورگ وبەرخۆلەکە ڕۆیشت کەنزیک بووەوە گورگەکە لەترسا بەخێرایی ڕایکردو. وازی لەبەرخۆلەکە هێنا لولو بە بەرخۆلەکەی وت: دەی خێرا بڕۆرەوە بۆماڵی خۆتان باگورگەکە نەتبات باش بەرخۆلەکە سوپاسی دایکە هەڵۆ و لولوی کردو بەڕاکردن بەرەو ماڵی خۆیان ڕۆیشت، وردە وردە لەدەریاکە نزیک دەبونەوە. لولو بەتاسەوە چاوی بۆ دورگە بچکۆلەکە دەگێڕا لەناوەڕاستی دەریاکەوە، سروشتە جوان و دڵگیرەکەی دورگە بچکولەکە دەرکەوت

پۆل پۆل نەوڕەس و مراوییەکان دەهاتن، ودەچون ،بەغاک غاک و چریکە،ئەوەندەیتر جوانییان بەدورگەکە بەخشیبوو، لولو بەدەنگێکی بەرز هاواریکرد، هێی ئەوە دورگە بچکۆلەکەیە هێی ،هێی هاتینەوە بەدایکە هەڵۆی وت: من ئەم دورگە بچکۆلەیەم زۆرخۆشدەوێ ،هەموئاژەڵەکانی هاوڕێی منن.تەماشا ،ئەوە کەروێشک و بێچوەکانیەتی ، ئەها ئەوەش نەوڕەس و مراوییەکانن،سەیرکە کیسەڵەکان چۆن یەک یەک خۆیان دەخەنە ناو دەریاکە.دایکە هەڵۆ بەهێواشی باڵەکانی لول کردو لەکەنار دەریاکەدا ،لولوی دابەزاند و کەمێک سوڕایەوەو دای لەشەقەی باڵ و فڕی. لولو هاواریکرد خوات لەگەڵ ئاگات لەخۆت بێت، بەنیازی دیدار



## بەشی سێیەم

لولو بەخێرایی قاپێک قارچک و بەرچنەیەکی بچوک، شلیکی ئامادەکردو بەرەو ماڵی ماسییە ئاڵتونیی بەڕێکەوت. بەسەر شەپۆلە بەرزەکانەوە وەک سەمابکات وابوو. لولو زۆر پەلەیبوو ئەودەیزانی کەمێک دواکەوتوە ڕەنگە لەکاتی خۆیدا نەگاتە ئاهەنگەکە ،لەوکاتەدا کۆمەڵێک (ڕەوە) ئەسپی ئاوی بەغار بەتەنشتیدا ،تێپەڕین .لولو وتی: هێی ئەسپەکان ئێوە بۆ کوێ دەچن؟ تکایە هاوکاریم بکەن. .یەکێکیان لایکردەوەو وتی: ئێمە بەپەلەین دەچین بۆ ئاهەنگی لەدایک بونی داپیرەکیسەڵ. لولو وتی ئێ خۆ منیش هەربۆ ئەوێ دەچم ،ئیتر ئەسپە ئاوییەکە لولوی خستە سەرپشتی و بەناو شەپۆلە بەهێزەکاندا غاری کردو ڕۆیی



لولو یەکەمجاریبوو سواری ئەسپی ئاوی دەبو، زۆر بەلایەوە سەیرو خۆشبوو، ئەسپە ئاوییەکە بەجوڵەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش غاری دەکرد، هەندێ جار بەرز بەرز دەبووەوە جار جار نزم نزم ،هەڵبەزو دابەزێکی جوان و پێکەنیناوی بوو، ئەسپە ئاوییەکان لە ناکاو ڕێگاکە یان گۆڕی وەک شتێکی ترسناکیان بینیبێ وابوو، لولو تەماشای کرد ماسییەکی گەورەی پرچ درێژو سنگ بەرزی چاو گەش ،بەخێرایی بەتەنشتیانەوە دەڕوات. یەکسەر وتەکانی دایکە هەڵۆی بیرهاتەوە، کەدەیوت: پەری دەریا کچێکی پرچ درێژی چاو گەش و دەست وپەنجە ناسکە. لولو یەکسەر تەماشای قاچەکانی کرد بینی قاچی نەبوو ڕێک کلکی ماسی بوو،



بەئەسپەکانی وت:مەترسن ئەوە ، پەری دەریایە.من دەزانم پەری دەریا گیاندارێکی میهرەبان و بێزیانە ئەسپەکان لێی نزیک بونەوە ، لولو بانگی کرد هێی پەری دەریا ، ئەوە بەو پەلەپەلە بۆ کوێ دەچیت؟ پەری دەریا بەسەرسوڕمانەوە لایکردەوە وتی : دەچم بۆ ئاهەنگەکەی داپرەکیسەڵ ، تۆ چۆن من دەناسیت؟ لولو وتی دایکە هەڵۆ باسی تۆی بۆکردوم خۆ ئێمەش دەچین بۆ ئاهەنگەکە ،ئیتر هەمویان پێکەوە بەڕێکەوتن. لولو هەرسەرنجی پەری دەریای دەداو لێی ورد دەبوە ، تەماشای سنگە بەرزەکەی و تاڵە پرچە درێژەکانی دەکرد



کەلەناو ئاوەکەدا یارییان دەکرد، لە ڕیزە .
ددانە وردە سپییەکەی ورد دەبوەوە و زۆر پێیان سەرسام بوو. لولو چاوی لێبو لەنێوان ڕوەکە درێژە ئاوییەکاندا قرژاڵێک گیری خواردبوو، دەمێک بۆ پێشەوە دەڕۆیشت و دەمێک بۆدواوە.سەری لێشێوابوو نەیدەزانی بۆپێشەوە دەڕوات یان بۆ دواوە لولو لێی نزیک بوەوە، دەستی گرت ولە ناو قەوزەو ڕوەکە ئاوییەکان دەری هێناو دووری خستەوە وتی :ئێستا دەتوانیت ڕاست بڕۆیت.قرژاڵەکە وتی: من دەچم بۆئاهەنگی جەژنی لەدایک بونی داپیرەکیسەڵ .بەڵام ڕێگام لێتێکچوە، ئەوانیش وتیان :کەواتە بەدواماندا وەرە ،ئێمەش دەچین بۆ ئاهەنگەکە



کاتێ لەماڵی داپیرەکیسەڵ نزیک بونەوە سەیریان کرد نەهەنگ وتیمساح و دولفین، بەدیارییەکانی دەستیانەوە بەرەو ئاهەنگەکە دەڕۆیشتن لولو لەئەسپە ئاوییەکە دابەزی و زۆرسوپاسی کرد. وتی بەیارمەتیتان من دەچم بۆماڵی ماسییەئاڵتونیی وبێچوەکانی ئێستا لەگەڵ ئەواندا دێم کەتەماشای کرد بینی ماسییە ئاڵتونیی و بێچوەکانی لەبەردەرگا ڕاوەستاون، چاوەڕێی ئەودەکەن. بێچوە زیوی هاواریکرد: ئەوەتا ئەوە لولوە کچی دورگە بچکۆلەکە هاتەوە. لولو بەرچنە شلیکەکەی بۆدانان و لەگەڵ ماسییە ئاڵتونیی و بێچوەکانیدا بەرەو ئاهەنگەکە بەڕێکەوتن



کەنزیک بونەوە تەماشایان کرد، ماڵەکەی . داپیرەکیسەڵ بەگوڵ و ڕوناکیی بریقەدار ڕازابووەوە. زۆربەی هاوڕێکانی هاتبون بۆ ئاهەنگەکە. داپیرەکیسەڵ کێکێکی ڕەنگاوڕەنگی بەتام وچێژی دروست کردبوو. ئەوەندە گەورەبوو ئەگەر هەمو گیاندارانی دەریاکە لێیان بخواردایە تەواونەدەبوو بنمیچی ماڵەکەی بە بریسکەی گوڵە ئەستێرە ڕازاندبووەوە. دووسەدو هەشت ئەستێرەی گەشی دەریایی داگیرساندبوو، ماڵەکەی ڕوناک لەچراخانێکی گەورە دەچو، لەناوەڕاستی ژورەکەدا لەسەر مێزێکی بازنەیی گەوهەرێکی درەوشاوەی ڕەنگاوڕەنگ دانرابوو .ئەوکاتانەی بەتەواوی دادەگیرسا تیشکەکانی ئەوەندە بەهێزو ئەفسوناوی بوون چاوی تێکدەداو کەس نەیدەتوانی هیچ شتێک ببینێ، میوانەکان بەگشتیی و لولو بەتایبەتی هەر سەرنجی گەوهەرە ئەفسوناوییەکەیان دەداو لێی ورد دەبونەوە

بەلایانەوە زۆرجوان وناوازەبوو. لولو بەداپیرە کیسەڵی وت: ئەو ڕوناکییە پرشنگدارە زۆرجوان وناوازەیە ئەوە چییە؟داپیرەکیسەڵ وتی: ئەوە گەوهەرێکی بەنرخە لەمێژە لە داپیرە گەورەمەوە بۆم ماوەتەوە، داپیرە گەورەم ڕۆژێک لەبنی دەریاکەدا سەرقاڵی کارکردن بوە، لەناو گوێچکە ماسییەکدا دۆزیویەتەوە، ئەوەبۆمن یادگارییەکی بەنرخ ودەگمەنە. هەوڵدەدەم هەمیشە بیپارێزم و هەرگیز لەدەستی نەدەم دەمی نا بەگوێی لولووەو وبەهێواشی پێی وت: ئەوگەوهەرە ئەفسوناوییە کاری زۆر گەورە و سەرسوڕهێنەر ئەنجامدەدات



هەندێ لەهۆکاری تەمەن درێژی و مانەوەی من پەیوەندی بەم گەوهەرە ئەفسوناوییەوە هەیە هەرکاتێ توشی کێشە دەبم ڕاستەوخۆ، دەگاتە فریام و ڕزگارم دەکات، بەڵام دەبێت بەم ڕستە نهێنییە بانگی بکەم (گەوهەرە ئەفسوناوییەکە بۆیەک چرکە جوڵەی ئاسمان و زەوی ودەریاکان ڕابگرە) ئیتر یەکسەر فریام دەکەوێت ، تۆش وەرە دەستت بخەرە سەر گەوهەرە ئەفسوناوییەکە تا هێزە لەڕادە بەدەرەکەیت پێببەخشێت داپیرەکیسەڵ دەستی لولوی لەسەر گەوهەرەکە داناو بەهێواشی لەژێر لێوەوە یەک وشەی نهێنی بە گەوهەرەکە وت، یەکسەر لولو وەک خۆر داگیرسا، داپیرەکیسەڵ پێی وت: هەرکاتێ پێویستت بوو ،بانگی بکە فریات دەکەوێت لەوکاتەدا نەهەنگ و دولفین وتیان: هاوڕێیان تکایە بێدەنگی هۆڵەکە بپارێزن ئێستا. کاتی کوژاندنەوەی ئەستێرە دەریاییەکانە


داپیرەکیسەڵ کەمێک چوە پێشەوە و بەدەنگی بەرز بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد. ڕوی کردە ئەستێرە دەریاییە داگیرساوەکان و یەک فوی لێکردن، ئەوەندە بەهێزبوو ماڵەکەی لەرزاند. هەموو ئەستێرەکانی کوژاندەوە، ئامادەبوان دەستیان کرد بەچەپڵە لێدان و بەدەنگی بەرز هاواریان کرد، هەموو ساڵێ بەخۆشی، تەمەندرێژی بۆ داپیرە کیسەڵی هاوڕێمان. هەمویان لەکێکەکەیان خواردو یەک یەک پیرۆزباییان لێکردو دیارییەکانیان پێشکەش کرد لولو بەدەستی خۆی ملوانکە گوڵڕەنگەکەی کردەملی داپیرەکیسەڵ و پیرۆزبایی لێکرد



داپیرەکیسەڵ زۆردڵخۆش و ئاسودە بوو.
بەئامادەبونی هاوڕێکانی و دیارییە جوان وبەنرخەکانیان. لولو لەگەڵ ماسییە ئاڵتونیی وبێچوەکانیدا بەڕێکەوتن .پەری دەریا بەلولوی وت :پێم خۆشە ڕۆژێک بێیت بۆماڵی ئێمە .لولو زۆری پێخۆشبو وتی: زۆرباشە بەڵام ئێوە ماڵتان لەکوێیە؟ پەری دەریا وتی: ماڵی ئێمە ئەشکەوتێکی بچکۆلەیە، لەژێر دەریاکەدا . بەڵام من بەزۆری حەزم لەکەنار دەریایە ، زوو زوو دەچم بۆکەنار دورگەبچکۆلەکە ئەویٚ زۆرخۆشە من لەویٚ مرۆڤم بینیوە بەڵام مرۆڤەکان جیاوازن هەموویان باش و میهرەبان نین، هەندێکیان ئازاری گیانداران دەدەن، من ئێستا ئەوانەم خۆش ناویٚ و حەز لە هاوڕێییەتیان ناکەم، لولو وتی: زۆرباشە من تۆم خۆشدەویٚ بەنیازی دیدار ، پەری دەریا وتی: منیش تۆم خۆشدەویٚ، لەکەنار دورگە بچکۆلەکە چاوەڕێت دەکەم، بەنیازی دیدار

## بەشی چوارەم

بەیانی زوو لولو بەنیازی بینینی پەری دەریا بەرەو دورگە بچکۆلەکە بەڕێکەوت. ئاسمانی دورگەکە بەپەڵە هەوری سپی داپۆشرابوو. ئەستێرە جریوەدارەکان، تازە خەریک بوو چاویان دەچوە خەو. بەئاستەم لەنێوان پەڵە هەورەکانەوە، تریفەی مانگە زیوییەکە دەبینرا. تاک تاک نەورەسەکان لەکەنار دەریاکە دەرکەوتن بەچریکە و ئاوازێکی دڵگیر، ئەوناوەیان هێنابوە جۆش . بەسەر شەپۆلەکاندا دەهاتن ودەچون، سەمایان دەکرد.لولو لەناو گوڵە ڕەنگاو ڕەنگەکانی دورگەکەدا، بەئارامی دەسوڕایەوە. دوو جوت گوارەی لەگوڵە لاولاوی سپی و مۆر بۆخۆی و پەری دەریا دروست کرد



چڵە نێرگزێکی کرد بەقردێلەو دای لەپرچی. پڕ بەرچنەیەکی بچکۆلە گێزەر و کەلەرمی کۆکردەوە. ئیتر بۆخۆی سەرقاڵی جوڵەی خاڵخاڵۆکەو پەپولە باڵرەنگینەکان بوو. دایکە کەرویشک و بێچووەکانی دوای ئاو خواردنەوە، لەکەناری دەریاکەوە بەرەو بناری دورگەکە دەرۆیشتن.کەچاویان بەلولو کەوت بەراکردن گەیشتنەلای لولو یەک یەک لەباوەشی گرتن و بەرچنە گێزەر و کەلەرمەکەی لەبەردەمیا دانا و وتی:دەی وەرن گوێ قوتیلەکان بۆخۆتان گێزەرو کەلەرم بخۆن. دایکە کەرویشک وبێچووەکانی تێریان خواردو سوپاسی لولویان کرد. بەرەو دارستانەکەو لانەکەی خۆیان ڕۆیشتنەوە. تیشکی زێرینی خۆر ،بەتەواوی بەسەر دورگەکەدا بڵاو بو بووەوە



لولو لە کەنار دەریاکە چاوەڕێی بینینی پەری دەریای دەکرد. لەقوڵایی دەریاکەوە پەری دەریا دەرکەوت ،بەخێرایی هات و گەیشتە لای لولو. باوەشیان بەیەکدا کرد لولو جوتە گوارە پەمەییەکەی کردەگوێی پەری دەریا کە لە گوڵە لاولاو بۆی دروست کردبوو. پەری دەریاش ملوانکەیەکی وەنەوشەیی کردە ملی لولو ، کەلەبەردی بەنرخی دەریا(گەوهەر) دروست کرابوو. دیاربو هەردوکیان زۆر دڵخۆشبون. لەکەنار ئاوەکە بۆخۆیان .یارییان دەکردو قاقا پێدەکەنین. پەری دەریا وتی:منیش ڕۆژێک لەڕۆژان وەک تۆ کچێکی خنجیلانەبوم، لەم دورگە بچکۆلەیەدا ،بۆخۆم بەئاسودەیی دەژیام



بەڵام من وەک تۆ ئاژەڵ وباڵدەکانم خۆش نەدەویست و هاوڕێیەتیم نەدەکردن هێلانەی باڵندەکانم تێکدەدا، باڵی پەپولەم لێدەکردەوە، دارەکانم دەشکاندو گوڵە ڕەنگاو ڕەنگەکانم هەڵدەوەراند. ئازاری بێچوە کەروێشک و سمۆرەکانم دەدا. ئاوم دەکردە ناو شارە مێرولەکان ، پاشماوەم لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکان فرێدەدا. ئیتر ڕۆژێک مێرولەکان کۆبونەوە، هەردوو قاچیان توند توند نووساندم بەیەکەوە. هەموویان یەک وشەی ئەفسوناویان دەوت، لەپڕ بۆیەک چرکە خۆری دورگە بچکۆلەکە کوژایەوە. کەدورگەکە ڕوناک بووەوە ،قاچەکانم ببون بەکلکی ماسی و لەناو دەریاکەدا، مەلەم دەکرد.ئیترلەوساوە من لەناو دەریاکەدا دەژیم. بەڵام من ئێستا لەهەموو ئەو کارانە پەشیمانم و هەموو گەردون و بونەوەرەکانیم خۆشدەویێت.لولو بەوردی ،گوێی بۆگرتبوو. زۆر بەلایەوە سەیربوو

لەدڵی خۆیدا دەیوت: سەیرە ئەویش وەک من ئەم دورگەیەی خۆشدەوێت و لەناو دەریاکەشدا دەژی. بەڕاستی ئێمە زۆر لەیەک دەچین. بەڵام من هەرگیز گیاندارم ئازارنەداوە و گوڵ و ڕووەکەکانم نەشکاندوە پەری دەریا و لولو بەناو شەپۆلەکاندا بەرەو قوڵایی دەریاکە دەڕۆیشتن.لە دوورەوە کەشتییەکی بچوکی چارۆکەداری ڕاوچییەکان دەبینرا. وردە وردە لێیان نزیک دەبووەوە. ماسییەکان پەشۆکابوون بەخێرایی دەهاتن ودەچون.کۆمەڵ، کۆمەڵ بەپەلە بەرەوقوڵایی دەریاکە دەڕۆیشتن. هەشتپێ شینەکە(ئەختەبوت) هاواری کرد ئاگاداربن! ڕاوچییەکان هاتن. لەپڕ ئاوەکە شەڵەقا، پەری دەریاو لولو بەرچاویان تاریک بوو، هیچیان نەدەبینی .کەشتییەوانەکە هاواریدەکرد، دەی خێرا تۆڕەکە ڕابکێشن، بیهێننە سەرەوە



دیارە ماسیی زۆر گرتوە. پەری دەریاو لولو کاتێکیان زانی ،لەناو تۆڕەکەدان لەسەرپشتی کەشتییە چارۆکەدارەکەن. ماسییەکان بەجۆرێک شڵەژابوون ،هەر هەڵبەزو دابەزیانبوو نەیان دەزانی چیبکەن. پەری دەریا و لولو هەوڵیاندا خۆیان ڕزگار بکەن، بەڵام بێسود بوو.یەکێک لەدایکە ماسییەکان هاواری دەکرد، تکایە بێچوەکانم کوان ؟ چییان لێبەسەرهات؟

لولو وتی: خەمتان نەبێت، ئێستا هەمووتان ڕزگاردەکەم. پەری دەریا باوەشی کرد بەلولو دا. هەموو ماسییەکان تەماشای لولویان دەکرد. لولو هاواریکرد: ئامادەبن بۆڕزگاربوون. یەکسەروتی: (گەوهەرە ئەفسوناوییەکە بۆیەک چرکە جوڵەی ئاسمان و زەوی ودەریاکان ڕابگرە) لەپڕ دەریاکە بووبە یەک پارچە ڕوناکیی گەورە، ڕاوچییەکان چاویان هیچی نەدەبینی. ماسییەکان بەخێرایی خۆیان هەڵدایە ناو دەریاکە پەری دەریاو لولو بەهێواشی، هاتنە خوارەوەو بەناو شەپۆلەکاندا بەرەو قوڵایی دەریاکە ڕۆیشتن



## بەشی پێنجەم

پەری دەریاوتی:ڕاوچییەکان،کەسانی دڵڕەق و بێبەزەیین. هەمیشە دایک و بێچوەکان لەیەک دەکەن. ئەوان نە خۆشەویستیی دەزانن و نە میهرەبانیی دەناسن. لولو وتی: بەڕاستی زۆرسەیرن ، ئەوان لەپێناوی ژیانی خۆیان ژیانی کەسانیتر تێکدەدەن. ئەریٚ بەڕاست، هەشتپیٚ شینەکە چۆن زانی ڕاوچییەکان نزیکن. خۆ ئێمە لەژێر ئاوەکەدابوین، ئەوچۆن چاوی لێیان بوو؟ پەری دەریاوتی: هەشتپیٚ شینەکە چەند تایبەت مەندییەکی سەیر و سەمەرەی هەیە.لە گیاندارەکانی تر جیاوازە.لولو وتی :چۆن وەکو چی؟ پەری دەریاوتی: ئەو نۆ مێشک و سیٚ دڵی هەیە. ڕەنگی خوێنەکەی سەوزە، پێشبینی کارێکی زۆر بە توانایە، واتا هەندیٚ جار پێش ڕوداوەکان دەکەویٚ

دەزانێ چی ڕودەداو ئەنجامەکەی چۆنە. بەمەبەستی خۆشاردنەوە و پارێزگاریی لەخۆی بەئاسانی دەتوانێت ڕەنگی خۆی بگۆڕێ و لەگەڵ دەوروبەر خۆی بگونجێنێ من پێش ئەوەی بێمە ناو دەریا ،ئەوەم نەدەزانی ئەوسا پێموابوو، تەنها لەسەر زەوی گیاندار و ژیان هەیە. بەڵام ئێستا دەزانم لەناو دەریا و سەرزەوی و لەئاسمان ، گیاندار هەیە و بەئاسایی دەژین. پەری دەریاو لولو بەڕێگاوەبون، دەیانویست بچن بۆ ماڵی ماسییە ئاڵتونیی و بێچوەکانی نم نم باران دەباری دۆلفینەکان لەناو ئاوەکەدا، سەمایان دەکرد.



بەخێرایی لەناو ئاوەکەوە، بەرز دەبونەوەو بەشێوازێکی هونەریی و سەرنجڕاکێش دەهاتنە خوارەوە. بریق و باق و پرژەی ئاوەکە دیمەنێکی دڵگیرو ناوازەبو. پۆل پۆل ماسییە ڕەنگاو ڕەنگەکان ، بەدەوریاندا دەهاتن و دەچون.نەوڕەسەکان بەسەر شەپۆلەکاندا، دەفڕین و دەیان چریکاند. تا دەهات بارانەکە ، زیاتر دەبو گرمەگرم و هەورە بروسکە دەستی پێکرد.کیسەڵ و دۆلفینەکان بەرەو قوڵایی دەریاکە دەڕۆیشتن. پەری دەریاو لولو خێراتر دەڕۆیشتن و دەیان ویست زووتر بگەنەماڵی ماسییە ئاڵتونیی. بایەکی بەهێز هەڵیکرد بوو بە زریان و لێزمەباران. دیسان. دایکە قرژاڵ ، سەری لێشێوابوو. نەیدەزانی بەرەو کوێ بڕوات. وردە وردە بەهۆی زۆریی باران و لافاوەوە، ئاوەکە لێڵ بوو. لولو بە بەقرژاڵەکەی وت:هێی خێراکە بەدوای ئێمەدا وەرە

دایکەقرژاڵ دوایانکەوت.بەڵام ئەوان . خێرابوون ، پێیان نەدەگەیشت.سەگی ئاوی و تیمساحەکان، بەخێرایی دەڕۆیشتن. جوڵەی ماسییەکان نائاساییبوو. بەئاشکرا، هەست بەمەترسییەک دەکرا تەنانەت قرشەکان بیری ڕاوکردنیان نەمابوو، هەریەکەو بەلایەکدا، بەخێرایی لەوناوە دوور دەکەوتنەوە. هەشتپێ شینەکە بەرەو بنی دەریاکە دەچو بەپەری دەریاو لولوی وت:ئاگاتان لەخۆتان بێت، دۆخێکی دەگمەن ونائاساییە. بەوریایی بجوڵێن، لەپڕ دەریاکە بەجۆرێک تاریک بوو، چاویان هیچی نەدەبینی. هەریەکەو بەلایەکدا ڕۆیشتن. کەبانگی یەکتریان دەکرد



دەنگدانەوەیەکی سەیر دەبیسترا. لولو تا ، . ئەوکاتە گوێی لەدەنگی وانەببوو. لەهیچ لایەکەوە، ڕوناکیی نەدەبینرا. دایکە قرژاڵ بانگی لولوی کرد، وتی: من هیچ نابینم. نازانم بۆ کوێوە بڕۆم .لولو وتی :منیش هیچ نابینم پەری دەریام لێ ونبوە. لولو لەپڕ گوێی لەدەنگی هەشپێ شینەکە بوو.بانگی دەکردن: لولو پەری دەریا ئێوە لەکوێن؟ لولو وتی: ئەوەتام لێرە هیچ ڕوناکییەک نابینم لەشوێنێکی داخراودام. نە دەرگای هەیەو نەپەنجەرە، بەهەرلایەکدا دەڕۆم دەستم بەر دیوارو بەرد دەکەوێت. هەشپێ شینەکە وتی:ئێستا ئێوە لەناو ئەشکەوتێکی گەورەدان



لەبنی دەریاکەدا، هەوڵبدەن دەرگای . هاتنەدەرەوە بدۆزنەوە. لولو وتی: زۆرهەوڵمدا بڕواناکەم هیچ دەرگاو پەنجەرەیەکی هەبێت. زۆر تاریکە هیچ نابینم. هەشتپێ شینەکە وتی:هەرگیز نابێ لەژیاندا بێهیوابیت دڵنیابە دەرگای هەیە.پێویستە هەوڵبدەیت و بیدۆزیتەوە. بەئاستەم دەنگی پەری دەریا لە دوورەوە دەبیسترا. ئەشکەوتەکە دەنگی دەدایەوە. لولو هاواری کرد: هۆ پەری دەریایایایا، من ئەوەتام لێرە تۆ لەکوێی؟ پەری دەریا گوێی لەدەنگی لولو بوو، وردە، وردە بۆلای دەنگەکە دەهات. لولو دەستی بەدیوارە بەردەکانەوە گرتبوو بەهێواشی دەڕۆیشت.لەپڕ دەستی بەرپرچی پەری دەریاکەوت. هەردوکیان زۆردڵخۆشبوون. دەستی یەکیان گرتوو بەرەو سەرەوەی ئاوەکە ڕۆیشتن لولو لە دوورەوە چاوی لێبوو ، لەدرزی بەردەکانەوە بەئاستەم، ڕوناکییەکی بچوک دیاربوو. یەکسەر هاواریکرد، ئەوە دەرگایە، ئەوە دەرگایە

هێی ڕزگارمانبوو. پەری دەریاوتی :ئەوەتا ، منیش چاوم لێیەتی. دڵنیام دەرگایە بانگی قرژاڵ و کیسەڵەکانیان کرد، وتیان. وەرن ئەمە دەرگاکەیە. ڕوناکییەکە لەبەشی سەرەوەی ئەشکەوتەکەدابوو. دەستی قرژاڵەکەیان گرتوو بەرەو ڕوناکییەکە سەرکەوتن.تەماشایان کرد، دەرگایەکی بچکۆلەبوو، لەنێوان دووبەردی گەورەدا. یەک بەدوای یەکدا چونە دەرەوە. پەری دەریاو لولو بەرەو ماڵی ماسییە ئاڵتونی بەڕێکەوتن. ماسییە ئاڵتونیی و بێچوەکانی لەبەردەرگا چاوەڕێیان دەکردن



بێچوە دوو ڕەنگەکە هاواری کرد. هێی ئەوە پەری دەریاو کچی دورگە بچۆلەکە هاتن. ماسییە ئاڵتونیی و بێچوەکانی زۆر خۆشحاڵبوون بەهاتنیان. لولو سەری لەوە سوڕدەما، بێچوە ماسییەکان زۆرگەورەببون. خەریک بو نەیانناسیێتەوە. ماسییە ئاڵتونیی وتی: داپیرەکیسەڵ، کەمێک ناساخە .تەندروستیی باش نییە. با پێکەوە سەردانێکی بکەین. چەپکێ گوڵە ئەستێرەی دەریاییان ئامادەکرد و بەرە وماڵی داپیرەکیسەڵ بەڕێکەوتن.داپیرەکیسەڵ بەهاتن و بینینی هاوڕێکانی زۆر دڵخۆشبوو تەندروستیی زۆر باشترببو.دوای گفتو گۆ و هەواڵپرسین، لولو بەسەرهاتی پەری دەریای بۆ داپیرەکیسەڵ باسکرد



وتی کەچۆن پێشتر ئەویش وەکو من کچێکی ئاسایی بووە‌و مێرولەکان بەئەفسون قاچیان بەیەکەوە نووساندووەو کردویانە بەپەری دەریا.لولو داوای لە داپیرەکیسەڵ کرد، هاوکاری بکات. تابگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی. بەڵام داپیرەکیسەڵ وتی: ئێستا کاتی بەسەرچووە لە توانای مندا نییە، ئەوکارە بکەم. بەڵام بچن پرس بە هەشتپێ شینەکە بکەن. بزانن چۆن دەگەڕێتەوە باری ئاسایی. دڵنیام ئەو دەزانێ. پەری دەریاو لولو بەرەو ماڵی هەشتپێ شینەکە بەڕێکەوتن. هەشتپێ شینەکە سەرقاڵی لێکدانەوە و پێشبینی کردن بوو بۆ ڕوداو و دیاردە سروشتییەکان.
تا زوو هەستیان پێبکات و هاوڕێکانی لێ ئاگادار بکاتەوە



ئەوەی کەلێی تێنەدەگەیشت و سەری لێی دەرنەدەچو، پێشبینیکردنی بومەلەرزە بوو پێش ڕودانی. پەری دەریاو لولو گەیشتنە لای هەشتپێ شینەکە. لولو وتی: داپیرەکیسەڵ ئێمەی ناردوە بۆلای تۆ. لەڕاستیدا کارێکی گرنگمان هەیە. ئەگەر بتوانیت هاوکاریمان بکەیت. هەشتپێ شینەکە وتی: زۆر خۆشحاڵبوم بەهاتنتان. هەرچی لە تواناى مندابێت بەچاوان بۆتانی دەکەم. لولو بەوردی باسی ڕوداوەکەی پەری دەریای بۆکرد. کە جاران کچێکی ئاسایی بوەو مێرولەکان بەئەفسون کردویانە بە پەری دەریا.هەشتپێ شینەکە وتی: من پێشبینی دەکەم بگەڕێتەوە باری ئاسایی



بەڵام بەمەرجێک هەرگیز کۆڵنەدات. هەوڵبدات تابتوانێت پەلکەزێڕینە بگرێت. باوەشی پێدا بکات و هاوار بکات ، هەموو گەردونم خۆشدەوێت. ئەوسا سروشت لێی دەبورێ و دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی. پەری دەریاو لولو وتیان ئەوە ئەستەمە ، کەس ناتوانێت پەلکەزێڕینە بگرێت. لولو لێی پرسی :بەڵام چۆن دەتوانێت ئەوکارەبکات؟ هەشتپێ شینەکە وتی: لەڕاستیدا، منیش نازانم . بەڵام ئەگەر بیەوێ بگەڕێتەوە باری ئاسایی دەبێت هەوڵبدات، لەم گەردونەدا هیچ شتێک ئەستەم نییە. پەری دەریاو لولو سوپاسی هەشتپێ شینەکەیان کردو بەرەو کەناری دورگەبچکۆلەکە بەڕێکەوتن

## بەشی شەشەم

پەری دەریا کەمێک غەمباربوو. بەلولوی وت: هەرچەند من لەناو دەریادا زۆر ئاسودەم ، بەڵام پێمخۆشە بگەڕێمەوە بۆ ئەم دورگە بچکۆلەیە. دەمەوێ دواجار وەک ئێوە و لەگەڵ ئێوەدا بژیم. ئێستا بەوپەڕی هیواوە ، چاوەڕێی هاتنی وەرزی بەهار و پەلکە زێڕینە دەکەم. چونکە دەزانم لەو وەرزەدا چەند جارێک دەرفەتی بینینی پەلکە زێڕینەم دەبێت. لولو وتی: وەرزی بەهار زۆرنزیکە. تەنها چەند ڕۆژێکی کەمی ماوە. پێویستە بەوپەڕی هیواوە ،هەوڵی تەواو بدەیت. پەری دەریا وتی: بێگومان هەروادەکەم. لولو وتی ئێستا من دەچم بۆلای بێچوە ئاسکەکانی هاوڕێم دەزانم بیری من دەکەن. ئەوەتان چاوم لێیانە. لەناوەندی چیاکەدان چاوەڕێی من دەکەن. ئەوەندەی وت و بەخێرایی بەرەو چیاکە بۆی دەرچوو



پاش کەمێک لەدوورەوە دیاربوو. لولو لەگەڵ بێچوە ئاسکەکان ، لەمبەرد بۆ ئەوبەرد بازیان دەدا و بۆ خۆیان یارییان دەکرد. لەکەنار دورگەکە، بۆقەکان، گۆرانییان دەوت و نەوڕەسەکان دەیانچریکاند، بەتریقەکان بەڕیز بەکەنار ئاوەکەدا دەهاتن و دەچون. وەک نمایشی هونەریی بکەن وابوو. هەڵۆیەک بەرز، بەرز بەئاسماندا دەسوڕایەوە. چەند جارێک نزم نزم دەبووەوە، بۆ ئاوەکەو لەپڕ بەرز دەبووەوە بۆئاسمان . لەتازە ڕاوچییەکی نەشارەزا دەچو. دیاربوو، دەیویست نێچیرێک لەئاوەکەدا دەستنیشان بکات. یەکسەر لەناکاو بەخێرایی

هاتەخوارەوەو ماسییەکی هەڵگرت و بەرەو چیاکە هەڵکشا. ماسییەکە هاواری دەکرد، تکایە فریام بکەون، ڕزگارم بکەن



لولو گوێی لەدەنگی ماسییەکە بوو. کە تەماشای کرد، بینی لەئاسمان، هەڵۆیەک ماسییەکی پێیە و بەرزبەرز دەفڕێت. لولو یەکسەر وتی: (گەوهەرە ئەفسوناوییەکە بۆیەک چرکە جوڵەی ئاسمان و زەوی و دەریاکان ڕابگرە) ڕوناکییەکی گەورە بەئاسماندا بڵاو بووەوە. کەس چاوی هیچی نەدەینی. ماسییەکە وەک کۆلارە لەهەوا دا جۆلانێی دەکرد. وردە وردە بەرەو زەوی هاتە خوارەوە. لولو کەتەماشای کرد. بێچوە زیوییەکەی ماسییە ئاڵتونیی بوو. بردییەوە بۆ کەنار دەریاکە و خستییەوە ناو شەپۆلە بزێوەکان



کەتەماشای کرد، هەڵۆکە هەر بەئاسماندا دەهات و دەچو. نم نم باران دەباری . لولو لەکەنار دورگەکە ، یاری بە بەردە ڕەنگاو ڕەنگە لوسەکانی کەنار ئاوەکە دەکرد و هەردوو دەستە بچوکەکانی بۆ دڵۆپە بارانەکان دەگرتەوە. ئەو بە تنۆکە بارانەکان زۆردڵخۆشبوو. هەڵۆکە وردە، وردە بەرە و لای ئەو هاتە خوارەوە . ڕێک لەتەنیشتییەوە نیشتەوە. وتی : سڵاو کچی دورگە بچکۆلەکە ، من نەرمۆڵەم نامناسیتەوە؟ ئەها ئەو کاتە تۆ هاتیت بۆ ماڵی ئێمە کێکت بۆ هێناین. ئیتر یەکسەر لولو نەرمۆڵەی ناسییەوە. لەباوەشی گرتو وتی: تۆ گەورەبویت بۆیە من نەمناسیتەوە . هەواڵی خەپان و دایکە هەڵۆی پرسی



نەرمۆڵەوتی:خەپان زۆرباشەئێستا ئەویش، گەورەبوە ،بەڵام دایکم کەمێک ناساخە هاتوم خواردنی بۆ ببەمەوە. لولو وتی: خەمت نەبێت ئێستا خواردنتان بۆ ئامادە دەکەم. نەرمۆڵە وتی :خواردنی خۆشی وەک کێکەکەی ئەوسا؟ لولو وتی :بەڵێ ئێستا کێک و شۆربای قارچکتان بۆ دروست دەکەم. لولو بە ئاردی گوڵەکەتان و شیری سمۆرەو هێلکەی چۆلەکە ، کێکێکی گەورەی دروست کرد یەک دانە شلیکی ئاڵی لەسەر دانا، یەک قاپی گەورەش شۆربای قارچکی بۆ دایکە هەڵۆ ئامادەکرد و وتی دەی خێرا نەرمۆڵە ئەمانە ببە بۆ خاتو تەوار واتا دایکە هەڵۆ. نەرمۆڵە زۆر سوپاسی کردو دای لە شەقەی باڵ و فڕی



نم نم باران دەباری و جار جار لەنێوان پەڵە هەورە سپییەکانەوە تیشکی خۆر دەبینرا. پەری دەریا لەسەر شەپۆلە بەرزەکان یاری دەکرد. لەناکاو چاوی لێبوو، پەلکە زێڕینە لەشێوەی حەوت ڕەنگی چەماوەدا،لەسەرڕوی دەریاکە دەرکەوت. پەری دەریا لەخۆشیی دەرکەوتن ودیمەنی پەلکە زێڕینەکە خەریک بوو ،باڵی لێدەڕوا و بەناو گەردوندا دەفڕی. بەخێرایی بەسەر شەپۆلەکاندا بەرەو پەلکەزێڕینەکە ڕۆیشت. هەندێ لەڕەنگە کانی تۆخ و هەندێکیان کاڵ. پەری دەریا هێندە تامەزرۆی بینینی بو، فرمێسکی شادی و دڵۆپە وردەکانی باران، لەسەر ڕومەتی تێکەڵ بەیەک بوبون



بەڵام تا ئەم هەنگاوێ لێی دەچوە پێش ئەو دوو هەنگاو دوور دەکەوتەوە. پەری دەریا ڕایدەکرد و هاواری دەکرد، پەلکەزێڕینەی ڕەنگین ،تکایە مەڕۆ من دێم بۆلای تۆ بەڵام بێسود بوو. وردە وردە هەورەکان چڕ بونەوە و بارانەکە زیادی کرد. پەلکە زێڕینەکە کاڵ کاڵ بووەوو دیارنەما. پەری دەریا بەغەمباری تەماشای ئاسمانی دەکردو گوێی لەگۆرانیی هەورەکان گرتبوو، بەرەو کەناری دورگە بچکۆلەکە گەڕایەوە. هێواش هێواش بارانەکە کەمدەبووەوە، نەوڕەسەکان دەستیان کردەوە بەفرین وچریکە. پەڵەهەورەکان (با) بەخێرایی دەیهێنان و دەیبردن .هەندێ جار نزم نزم دەبونەوە وەک ئەوەی بیانەوێ خۆیان لە ئاوەکە هەڵبکێشن . دیمەنێکی زۆر جوان و دەگمەنی بەهاریی بوو. دەمێ باران و دەمێ هەتاو. جریوەی باڵندەو خونچەی تازە پشکووتوو ، ئاوازو تابلۆیەکی ڕەنگین بوون. پەری دەریا بەهەر چوارلادا، چاوی بۆپەلکەزێڕینە دەگێڕا، هەورەکان ڕۆیشتن و خۆر بەتەواوی دەرکەوت

## بەشی حەوتەم و کۆتایی

لولو لەناو نێرگزە جاڕەکەدا، چەپک،چەپک گوڵی دەچنی و چاو گوڵە بەیبونی دەخواردەوە. لەنەخشی سەربالی پەپولەو خاڵخاڵۆکەکان ورد دەبووەوە. کەرویشک و بێچووەکانی بۆ ئاو خواردنەوە، بەقونە،قون بۆ کەنار دەریاکە دەچون. لولو بەوردی سەرنجی دەدان و بەدوایاندا ڕایدەکرد. گوێ قوت،گوێ قوت، بەڕیز ئاویان دەخواردەوە. کەمێک لەولاتر ئاسکە خاڵخاڵاوییەکان ، بەوریاییەوە دەیانویست لەئاوەکە نزیک ببنەوە، ئەوان دەیانزانی ئاوەکە تیمساحی تێدایە، لەپڕ تیمساحێک پەلاماری دایکە کەروێشکی داو گرتی



ئاسک و بێچوە کەروێشکەکان، هەریەکەو بەلایەکدا ڕایانکرد. بێچوە کەروێشکەکان هاواریاندەکرد، تکایە فریای دایکم بکەون لولو بەڕاکردن گەیشتە لایان. کلکی تیمساحەکەی گرت و ڕایدەکێشا. کە تیمساحەکە دەیویست پەلاماری لولو بدات و سەری دەهێنا بۆلای کلکی، لولو زیاترو بەهێزتر ڕایدەکێشا هەردووکیان وەکو مزراح بە دەوری یەکدا دەخولانەوە. تیمساحەکە ،دەمی کردەوە، ویستی پەلاماری لولو بدات و بیگرێت. دایکە کەروێشک یەکسەر خۆی ڕاپسکاند و بۆی دەرچوو. تیمساحەکە گەڕایەوە ناو دەریاکە. کەروێشک و ئاسکەکان، ئاویان خواردەوەو بەرە و بناری چیاکە گەڕانەوە



پۆل پۆل قازو قورینگەکان، بەشێوەیەکی هونەریی سەرنجڕاکێش بەئاسماندا، دەفڕین. هەورێکی سپی وەک پەشمەک، بەڕووی ئاسماندا کشابوو. لولو بەناو گوڵە کێویلەکاندا دەگەڕاو تەماشای پەپولەکانی دەکرد، کە چۆن بەسەر گوڵەکاندا دەگەڕان و یارییان دەکرد



لەسەر دارێکی بچکۆلە هێلانە چۆلەکەیەکی بینی چوار زەڕنەقووتەی بێ پەڕوباڵی تێدابوو. کە لولو تەماشای دەکردن، دەمیان دەکردەوە و دەیانجریواند، دیاربوو داوای خواردنیان دەکرد. دایکە چۆلەکە گەڕایەوە ،خواردنی زۆری بۆهێنابوون. لەسەر دەستی لولو نیشتەوە و یەک یەک خواردنی دەکرد بەدەمی زەڕنە قووتەکانەوە.



لەدوورەوە ،پەری دەریا دەرکەوت بەڕاکردن، بۆلای لولو دەهات. لولو کەچاوی پێی کەوت، بەڕاکردن بەرەو ڕوی ڕۆیشت. باوەشیان بە یەکداکرد. دەستی یەکیان گرت و بەکەناری دورگە بچکۆلەکەدا دەڕۆیشتن. لە لوتکەی چیا بەرزەکەوە، هەورەگرمەو چەخماخە دەستی پێکرد. بایەکی ساردو شێدار هەڵیکرد، تاوێک تەرزەی بەهێزی هێنا. دەنکە تەرزەی خڕی زیوی لەئاسمانەوە، دەهاتنەخوارەوە پەری دەریاو لولو سەرتاپا، لەئاو هەڵکشابوون. دیمەنێکی دڵگیرو ناوازەبوو. ئاو لەپرچە درێژو گوارە شۆڕەکانیان دەچۆڕا. بەناو گوڵاڵە سورەکاندا دەڕۆیشتن قاقا پێدەکەنین و گۆرانییان دەوت

(هۆ هۆ پەلکەزێڕینە، وەرە دڵم مەشکێنە
خۆزگە و هیوام بە تۆیە ئارەزووم بەدی بێنە)

لەپڕ لولو هاواریکرد: ئەها پەلکەزێڕینە
ئەوەتا زۆر نزیکە

پەری دەریا وەک ئاسک بۆی دەرچوو، حەوت ڕەنگی چەماوە، بەڕوی دورگەکەدا نەخشابوو. پەری دەریا ڕایدەکرد و هاواری دەکرد. ئا،ئەوەتا ئەمجارە هەردەبێ بیگرم. ئەی شەپۆلەکانی دەریا ،زریان و (با) بەهێزەکان، خۆرو ئاستێرەکانی ئاسمان فریام بکەون! پەپولەو مێرولە باڵدارەکان، تکایە هاوکارییم بکەن ! ئەوەندە بەخێرایی ڕایدەکرد، تەنها پرچە درێژەکەی لەدواوە بەئاستەم دەبینرا، (با) دەیشەکاندەوە. دەستی درێژ دەکرد بۆ پەلکەزێڕینەکە ،خێراتر ڕایدەکرد، لەتاوا هەڵدەبەزییەوەو بازی دەدا



لولو بەپەرۆشەوە ،تەماشای دەکردو خۆزگەی دەخواست ، دەستی بە پەلکە زێڕینەکە بگات. نەورەسەکان لەبەر بارانەکەدا، بەخرایی دەهاتن و دەچون و دەیانچریکاند ،وەک بیانەوێ هاوکاری پەری دەریا بکەن وابوو. وردە، وردە خەریک بوو، پەلکەزێڕینەکە، کاڵ دەبووەوە و بەرەو بناری چیاکە هەڵدەکشا. پەری دەریا ئەوەندە، خێرا ڕایدەکرد، لەزەوی دابڕابوو ،وەک باڵدار بەناو هەوادا دەفڕی و دەستی بۆ پەلکەزێڕینەکە درێژدەکرد. بەهەموو هێزی هاواریکرد، لولوووووووو، دەستم پێی ناگات

لولو یەکسەر گەوهەرەکەی بیرکەوتەوەو وتی:(گەوهەرە ئەفسوناوییەکە بۆیەک چرکە، جوڵەی ئاسمان و زەوی ودەریاکان ڕابگرە) دورگەکە وەک چراخان داگیرسا پەری دەریا توند ،باوەشی . بەپەلکەزێڕینەکەدا کردو وتی:(هەموو گەردونم خۆشدەوێت). ڕوناکییەکی بەهێز لە تەوقی سەریەوە، هات و لەنووکی پێیەوە دەرچوو. پەری دەریا گەڕایەوە باری ئاسایی. بوەوە بەکچە خنجیلانەکەی جاران. کراسێکی نارنجی لەڕەنگی خۆرنشین و جوتێ گوارەی گوڵە هەناریی لەگوێدابوو. لەگەڵ لولو باوەشیان بەیەکدا کرد. پەری دەریا وتی : من جاران ناوم (لی لی)بوو . ئیتر بە( لی لی) بانگم بکەن . ( لولو ) وتی:(لی لی) ئیتر ئێمە هەم دورگەکەمان خۆشدەوێ و هەم ئاسمان و دەریا و گشت بونەوەرەکانی



لی لی دەستێکی بۆ دەریاکەو دەستەکەی تری بۆ دورگە بچکۆلەکە ڕاکێشاو سەیری ئاسمان و نەوڕەسەکانی کردو وتی: من ئێستا هەموو گەردونم خۆشدەوێت. هەردووکیان قاقا پێدەکەنین و بەرە و بناری کێوەکە ، ڕایاندەکرد. لەبەرزایی چیاکە ،لەناو گوڵە کێویلە ڕەنگاو ڕەنگەکاندا، لەسەر بەردێک دانیشتن. ئەو ڕۆژە زۆر دڵخۆشبوون.لی لی لەمێژ بوو نەچوبوە چیاکە، لەوێ باسی چۆنییەتی ژیانی داهاتوی خۆیانیان دەکرد. بڕیاریاندا ڕۆژانە لەو بەرزاییەوە، چاودێری ئاسمان و دەریا و دورگە بچکۆلەکە بکەن. هەنگ و پەپولەکان، لەسەر گوڵە تەڕو بۆنخۆشەکان دەنیشتنەوە

ئاسک و سمۆرەکان لەناو دارستانەکەدا، خەریکی ڕاو ڕاوێن و بازبازێن بوون. باڵندەکان بەئاسماندا دەهاتن و دەچون، لەجریوەوە چریکەی خۆیان نەدەکەوتن. لەناکاو سەریان هەڵبڕی بینییان هەڵۆکان بەئاسماندا دەخولانەوە و بەدوای نێچیردا دەگەڕان. گورگەکان بەدوای بەرخۆلە و ڕەوە ئاسکەکانەوە بوون. قرشەکان پەلاماری ماسییەکانیان دەدا و یەک یەک دەیانگرتن. ئەوانیش خۆیان ڕادەپسکاند و دەکەوتنەوە ناو ئاوەکە. (لی لی) بە لولوی وت: دەبێت هەوڵبدەین ئاسودەیی بۆ ژیان بگێڕینەوە



لولو وتی : هەتا قرش لەناو دەریا و مرۆڤ لە سەر زەوی و باڵندە لە ئاسمان، لە پێناوی خۆیان ژیانی ئەوانی تر تێک بدەن، ئاسودەیی ڕاستەقینە ناگەڕێتەوە. هاواری ماسییەکان و دەنگی شەپۆلی دەریاکە، تێکەڵ بەیەک دەبوون و قرشەکان زیاتر پەلاماریان دەدان.ڕاوچییەکان لە سەر کەشتییە چارۆکەدارەکە، تۆڕەکەیان هەڵدایە، ناو دەریاکە بۆڕاو خۆری دورگە بچکۆلەکە ، کزکز ببو. خەریک بوو دەکوژایەوە، (لولو) یەکسەر وتی: گەوهەرە ئەفسوناوییەکە بۆیەک چرکە،جوڵەی ئاسمان و زەوی و دەریاکان ڕابگرە.

# کۆتایی

زۆر سوپاس بۆ ئەو هاوڕێ ئازیزانەم
کە لەگەڵ ئەم ڕۆمانەدا ماندوو بوون.



## ئەمین محەمەد

- ساڵی ١٩٦٢ لەسلێمانی لەدایک بوە.
- لەسەرەتای هەشتاکانەوە ،شیعر و چیرۆک دەنوسێت.
- لە زۆربەی زۆری گۆڤارە تایبەتەکانی منداڵاندا شعر و
- چیرۆک و وەرگێڕانەکانی بڵاو کردوەتەوە.
- هەشت کتێبی تایبەت بەئەدەبی منداڵانی چاپکردوە.
- پێنج کتێبی چیرۆکی تایبەت بەمنداڵانی لەعەرەبییەوە کردوە بەکوردی.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە لقی سلێمانی.
- دەستەی نووسەرانی هەردووگۆڤاری (کوردجینیەس)ی پەروەردەیی و( کوردجینیەس)ی تایبەت بەمنداڵانە.
- چەند بابەتێکی توێژینەوەو ڕەخنەیی لەسەرئەدەبی منداڵان چاپکردوە .

# بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

- هەڵوێست ... شیعر ساڵی ١٩٩١
- ماڵی باران.. شیعر بۆمنداڵان  ساڵی ٢٠١٠
- هاورێی نوێ ... شیعر بۆمنداڵان ساڵی ٢٠١١
- خەونی چۆلەکە...شیعر بۆمنداڵان ساڵی ٢٠١١
- هەنگە وردیلە ...شیعر بۆ منداڵان ساڵی ٢٠١١
- خەیاڵی منداڵانە... شیعر بۆمنداڵان ساڵی ٢٠١٢
- گۆرانیی هەورەکان... شیعر بۆمنداڵان ساڵی ٢٠١٢
- دیوانی جریوەکان ، ع ع شەونم ...کۆکردنەوەو ئامادەکردن ساڵی ٢٠١٢
- بەرسیلە ...شیعر بۆمنداڵان ساڵی ٢٠١٦
- زمان ڕەوانی وجۆرەکانی کێشی بڕگەلەشیعری منداڵاندا توێژینەوە ساڵی ٢٠١٣.کتێبی هاوبەش (٥) نووسەر
- چەند سەرنج و وردبونەوەیەک لەمێژوی ئەدەبی منداڵانی کورد توێژینەوە ساڵی ٢٠٢٢. کتێبی هاوبەش (١٠) نووسەر.کە هەردووکیان لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی
- چەند بەرهەمێکی تری کە بریتیین لە  شیعر و چیرۆک و توێژینەوە و کاری وەرگێڕان  ئامادەن بۆچاپ

لولو وتی: هەتا قرش لەناو دەریا و مرۆڤ لەسەر زەوی و باڵندە لەئاسمان، لەپێناوی خۆیان، ژیانی ئەوانیتر تێک بدەن، ئاسودەیی ڕاستەقینە ناگەڕێتەوە

